# دوژمن

خەونێکی سووک
تاسەی
هاتنی بوو
من، باوەشم
ئاواڵە بوو
بیرێکی کورت و
دو چاوی سڕ و
ئەنگوستێکیش
لەسەر ماشەی تفەنگێ،
هەر هەموویان
چاوەڕوانی فەرمانی
سەرگەورەیەک بوون!

# تابلۆ

بوولێڵە ... بوولێڵ:
من و تۆش دوو تاپۆین
- دو تاپۆی ئاوارە و وێڵ -

زراومان لە یەکتر رژاوە و
تێناگەین ...
ئەم تابلۆیە،
بە دەستی کێ نەخشاوە؟!

# مەحکووم

... کە سەر بەرزانە، سەرت هەڵێنی
ئازادانە،
قسەت بە گشت کەس رابگەیێنی
تۆ مەحکوومی!
مەحکووم بە درکاندنی نهێنی!

# پێناسە

ئێمە لە چاخێکا دەژین
کە بۆ هەڵفڕین
پێناسە نادەن بەوەی
چنگ گیر نەکا لەسەر بستێک زەمین!

# لە نێوان بۆرژان و بێخەویدا

ئەوەتا ...
نە زەوی هەڵمدەگرێ و
نە هەواڵی ئاسمانم!
بە سەرگەردانی
لە نێوان بۆرژان و بێخەویدا
لێم بازرە دەبن ساتەکانی ژیانم!
ئاوارە!
لە نێوان ئاسمان و زەویدا
تاوێری لەشم،
بارە لە سەرشانم!

# دەرد

دەردم ئەوەیە
که نازانم دوژمنم کێیە؟
ساز و بەرگی شەڕ بپۆشم
تا شەربەتی مەرگی کامە شەڕگە بنۆشم؟!

# یاد

لەوەتا ...
ساتەکانی دڵم
دەگەڵت هاوڕێن
وشەکانم
بێ قەرارن
بۆ شێعرێک دەگەڕێن
کە ناوی تۆی تێدا بێ و
لەوێدا بیانهۆنمەوە
تا ...
هێدی ... هێدی
دەگەڵت بدوێن!

# گۆرانی قەوزە گرتوو

بە پەسنی هاژەی رووباران
شان و شکۆ دەکرێن
بۆ خۆتان
ئێوە ئەی بۆقانی
دەم چۆماوا!
قیرەتان لێڵ دەکا
خورڕەی ژیانی چەم

گۆرانی قەوزە گرتووی ئێوە
ناهێڵێ کەس تێبگا
لە سروودی بێ وەنەوزی ئاو!
کەسکە رەنگی ئێوە
ناهێڵێ کەس ببینێ
پەیامی هەمیشە سەوزی ئاسمان!
ئێوەکە خۆتان ئاوەها
بە ئەوینداری ئاو دەنوێنن
ئەوینتان،
ئاو و رووبارە
کاتی باران
بۆ لێفەی گەڵا
بەسەر سەرتانا دیارە؟!
ئەدی بۆ هەمیشە
قورسایی خەو
لەسەر پێڵووی چاوتان و
لەسەر سینەتان بارە؟!

# لە دایکبوون

شەو کپ،
زەوی چاوەڕێ
عومری ئەستێرەیەک
ئەوا هاتە کۆتایی
ژوورێکی کپ،
خێزانێ چاوەڕێ
گریانی کۆرپەیەک
وا هەمووومان پێدەکەنین !

# ژیانەوە

پێت وایە ئەو دەنکە بەفرانەی
بە تینی ئەوینی تاو دەتوێنەوە
دەگەنە کۆتایی ژیان؟!
نایانبینی؟!
لەم بەهاری سەرهەڵدانەدا
چلۆن بەدونیا دێنەوە
سپی سپی،
گوڵووکەکان!

# فامی مانگ

شەو کەدێت و
تێ ئەپەڕێ...
ئەو مانگە،
هەر زیاتر و زیاتر زەرد هەڵ ئەگەڕێ
تۆ بڵێی
غەمی کام هەژاری لەدڵدا بێ؟
هەتا دێ
گەورە و گەورە و گەورەتر دەبێ!

# رابە. هەستە

رابە، هەستە!
ئەرێ!
لێی بستێنەوە هەنگاوەکانت
ئەم زەمانە سەرشێتە
زۆر لەمێژە،
تۆی بە جێ هێشتووە!
رابە، هەستە!
ئەرێ!
لێی بستێنەوە چاوەکانت
چاوساغەکەت،
زۆر لەمێژە،
دەستی تۆی بەرداوە و
رۆیشتووە!

# رێبوار

... پێڵاوەکانی،
نارە ناری ناو جانتاکەی
ئاواییەک لە سەر رێ ...

ئاواییەک لە سەر رێ
نارە ناری ناو جانتاکەی
پێڵاوە کانی ...؟!

# ته رح

زەوی پێی پێدەکەنێ
وئاسمان قاقا دەکێشێ
بەفر، ئاشنای نیە!
نە رووحی، نە جەستەی دائەپۆشێ
لە ناو جەرگی زستان و زریانا
تاک و تەرا بەجێماوە
تە نیا هەڵمێکە
لە نێو هەوا
ئەو هەژارەی وا
دارێکی رووت پاڵی پێوە داوە!

# ژیان

ئەمڕۆش ...
ئەشێ
جارێکی دی بمرم!

ئەوەیە قسەی
گشت بەرەبەیان و سەحەرم
کاتێ کە
لەخەو رادەبم و
دەبینم بەخەبەرم !

# راز

هەڵ ئەفڕێ مەل،
لە گەرمەی سەرماو
ڕەشەبا و
تەنانەت ئەو کاتەی
گرمە و گاڵە و
هەورە بریسکەیە.

«هەمیشە ئاوالّەیە،
دەروازەکانی ئاسمان»
ئەوە گەورەترین هیواوهێمای
باڵ لێدانی یەک باڵندەیە.
مەل،
ئەو رازەی بۆ درکاوە
کەوا
سامی شکاوە
لەخشپەی پێی ناو سەوزەڵان و
لە دزە نیگای ناو حەشارگاکان و
تەنانەت،
سامی شکاوە
لە سووسەی هەرچی راوچی و گوللەیە!

# مەودا

هەر لەمنەوە،
هەتا
نامۆیی ناو سیامالەکانی ئێوە
هەتا
بۆنی تەڕی
خاک و خۆڵی ئەم هەوارە!
رێی تەنیا،
چەن دڵەخورپە و
هەناسە و
وشەی ساکاری سەرزارە!
دیاریم،
داوێنێک گوڵاڵە سوورەی
پێدەشتەکان و
بەرچنێک هەنار و
باوەشێک تووڕەیی لاسارە!
لە مێژە وام بەڕێوە
باڵام،
دارێکی رووتە و
گۆی سەرمی پێوە
لە مێژە وام بەڕێوە
نە لە خۆم دوور ئەکەومەوە و
نە دەگەم بە ئێوە!

# بۆ عاشقان

لە ناخی زەریادا،
نوقم دەبن و
لە دڵی هەتاوا،
دەتوێنەوە ...
کەچی
دڵیان هەتاوێکە و
لە ناخی زەریاوە
هەڵدێنەوە !

# ریسالەت

نەهاتووم هەتا،
بۆ لاوازترین نیشانی پرسیارت
لە بەر دەمتا،
هەزاران وەرامی هەراو رۆکەم
رانەمەڕێکی بێ سەر و شوێن بێنم
لە ئەستێرکی بیری تۆدا مۆڵ دەم

هاتووم هەتا پێت بێژم:
کە وێڵ ئەبی
بە دوای وەرامێکا،
رووی پرسیارت فەرامۆش مەکە
هاتووم هەتا پێت بێژم:
کە هەر پرسیارێکت بپرسەوە،
هەزاران جار و
هەرگیز،
بەزریوە و زرینگەیەک دڵ خۆش مەکە!

# «هەلپەرستان»

خانوویەک تێکدەدەن،
چاوەیەکی لەسەر دروست دەکەن،
دەرگایەک دەبەستن،
دەلاقەی تێدەکەن
دەرگایەک دەکەنەوە
دەلاقەکە دادەخەن!
مانگ بانگهێشت دەکەن
هەتاو دەردەپەڕێنن،
دەگەڵ هەتاو ئاشت دەبنەوە
روو لە مانگ وەردەگێڕن!
تۆش تێناگەی،
هەر دەڕوانی ...
بەڵام هیچ!
هەر هیچ نازانی!

# ترس

لەوە ناترسم
کە مەرگ، گیانم بسێنێ
بە گژەی خۆی،
پەڕ و پۆم هەڵوەرێنێ
ترسم لەوەیە
کە مردن
دەستەمۆی کردبێ ژیانم
دایکم بە فیڕۆ
هەڵی گرتبێ ژانی زانم
لەوە ناترسم
بێ ناو نیشان بمرم
ترسم لەوەیە
کە بایەخی ئەوەم نەبێ
بستێک خاک بکەنە شوێنی قەبرم
لەوە ناترسم کە بمرم
هەر ئێستا، هەر ئیمڕۆ
ترسم لەوەیە کە بمرم
-بێخۆم و بێخودا-
دوور لە تۆ!

# پەپوولەی پەیڤ

گەورە جوانم!
بەرلەوەی بێمە لات
بەر لەوەی بێمە بەردەرگەی نیگات
هەزاران پەپوولەی پەیڤ و قسە
خۆ بە دەلاقەی دڵما ئەدەن
بە هیوای هەوای
دەوری سەری تۆ
گێژ دەخۆن و
هەراسانم دەکەن
زۆر حەزیانە دەربازیان کەم
بێنە سەر لکی زمانم،
هەڵیانفڕێنم
بێنە سەر ڕێت،
بچرپێنە ناو گوێت
بگرن داوێنی کۆشت
بلەرزێنن تار و پەردەی گۆشت
کەچی گەورە جوانم
کە دێمەلای تۆ
کە دێمە بەر دەرگەی نیگای تۆ
هەندێ لەم پەپوولە نازدارانە

هەندێ لەم وشە ساکارانە
لە درز و کەلێنی سینگمەوە
- هەر پێ نازانم. -
دێنە دەر و دوور ئەکەونەوە
دوور ... دوور ...
هەڵئەفڕن بێ سنوور
هەندێکیان خۆت لێ ئەدزنەوە و
لە پەناو پەسیوان
سەرکز، خۆمات ئەکەن
چەشنی هەتیوان!
هەندێکشیان خۆ دەرباز ئەکەن
دێنە سەر لکی زمانم
بەڵام کە دەمەوێ هەڵیانفڕێنم
بیاندرکێنم
ناتوانم ... ناتوانم گەورە جوانم
چون بە بێدەنگی
لە بەر تیشکی نیگاتا
گشت پەڕ و باڵیان هەڵپڕووزاوە
زمانم،
تاوێرێکە و
لە ناویدا،
لاشەی هەزاران پەپوولە پەیڤی سووتاوە!

# فریو

جەللادانی بێشە،
دارێکیان ئەبڕیوە و
ئەم،
قاقا پێدەکەنی ...
پێیان گوتبوو:
لە پارچە بەهەشتێکا دەژی
شاد و غەنی!
نەیدەزانی،
بۆ دۆزەخی تەنووری،
لەت لەت،
دەبێتە سووتەمەنی!

# خۆشم دەوێن وشەکانم

خۆشم دەوێن وشەکانم
ئەو وشانەی لەگەڵمن
دەم دوێنن!
لە تەنیایی دەرم دێنن!
ئەو وشانەی

گیانیان هەیە و
رووح و ژیان.
فام  ومانا دەبەخشن و
تێدەگەن لە
دەرد و فەقر و ژان!
ئەو وشانەی
دەژین لە ناو خوێن و خەونما،
تێکەڵن لە ماڵ و مانما،
دەگرین لەگەڵ ژین و ژانما!
نەک ئەو وشانەی،
لە ناو گیرفان
لە جێی پارە
ئەدرێن بە نان!
نەک ئەو وشانەی،
دەتوێنەوە و دەمرن
کەلاکن لە سەر تاوێری زمان!
خۆشم دەوێن وشەکانم
وشە بێ بەشەکانم
یەخسیرەکانی دەستی کێش وسەروا
ئە ووشانەی
تەنگیان پێ هەڵچنراوە
لەڕکەی شێعری تەنگەبەردا!
دەست و پێ بەسراوەکانی

ژێر قامچی وشکە بیر
ئازادی لێ سەنراوەکانی
دەستی کۆت و زنجیر!
خۆشم دەوێن
ئەی وشەی شیعر و
هەناسەی هان!
ئەی ئاسۆی بیر و
تاسەی هەرمان!
بێ ئێوە،
نە شیعر دەژی
نە شاعیر دەبینێ
بێ ئێوە،
نە زەوی پێدەکەنێ
نە ئاسمان دەمێنێ
خۆشم دەوێن
ئێوە کە
چاوی شاعیر و ژینی شیعرن،
ئێوە کە
رووحی هەڵفڕین و بزەی نەمرن!

# بێ ئارامی

بێ هەدادانم،
هەر ئەم لاولا دەکەم
جێم نابێتەوە
لە ناو بێدەنگی ژوورەکەم
سووکێ،
بە پێدەزکێ
خۆم دەتەکێنمەوە لەم خەوە
رووت رووت،
تا لێواری شەو دێم
ئەمشەو،
مانگە شەوە!

# ڕەگ

نیگات،
هەرگیز،
بە هیچ شتێکەوە،
هەڵمەواسە.
هزرەکانت
زەرد هەڵدەگەڕێن!

ڕەگەکانت بزر مەکە،
تا باڵەکانت،
هەڵنەوەرێن!

# مەرگی دارستان

گـــــەڵـــــای خووســــــاوی داره
لـــــەبـــــەر پێـــی تاقـــە رێبـــوار
هەستی نووسـتووی نـاو شـاره
دەبوغزێنـــــێ گـــــەرووی یـــــار

وەریـــــن وەک مـــــۆڕە و مۆنـــــە
لـــــــە روخســـــــاری ژیانـــــــە
ســـــەر شـــــۆڕییە بـــــۆ تـــــەمـــــەن
وەک گنجـــــــی نێـــــــو چاوانـــــــە

بـێ چرکـە، بـێ جـم و جـووڵ
گـــەڵـــا کـــەوتـــوون بـــەلادا
رێبـــوار دڵـــی پـــڕ لـــە کـــووڵ
ئـــــارام ئـــــەڕوا بـــــە رادا

بە سەر لقی ژیانا
گەڵای عومری دەمێنێ؟
بڵێی رۆژی رەشەبا
ئەو لقەش دانەشکێنێ؟

چاوی پڕە لە ئەسرین
بە دڵ خوێن دەبارێنێ
بیری نەمان و وەرین
کزە لە جەرگی دێنێ

نەک بۆ دارێ، دوو داران
غەمبارە و چاو بە گریان
ئاوا هارووژاندوویە
مەرگی هەموو دارستان!

# چیرۆکی هەژاری

کەسێکە و
هەموو شەوێ
لەسووچێکی هەژارخانەکەی
لەسەر لاتەنیشت
خەوی لێ ئەکەوێ
هەڵدەستێ
هەموو رۆژێ
بە هەژاری

بە شەڕ دێ
بۆ بەشەنانەکەی
لە پێ ناکەوێ
تەنانەت ئەگەر
سرەوتن بسرەوێ!
کەسێکە و
هەموو دەمێ
لەگۆشەی دڵە دێوانەکەی
خەریکە هێلانە چێ دەکا
بۆ کۆتری دەرد و غەمێ!
ئەرێ،
کەسێکە و
هەموو شەوێ
لەسووچێکی هەژارخانەکەی
لەسەر لاتەنیشت
خەوی لێ ئەکەوێ!

# رادە

دەبا تاوانی گشت خەڵکی،
لەسەر شانم بێ
ئەگەرخۆشەویستی تۆ،
تەنیا تاوانم بێ!

# شیاوە کە خوێن بگریم

شیاوە کە خوێن بگریم
بۆ ئەو بەهارەی
هیچ تەونەگەرێ
بەرگی گوڵگوڵی
بۆ بەری رووتی ناچنێ
هیچ کۆچەرێ
لەناو بارگە و بنەیدا
ئۆخژنی دیمانە بەخێرێکی
بۆ ناهێنێ
هیچ دڵدارێ
سێبەری سارد و سڕی
ناکاتە جێژوانی یادی یارێ!
شیاوە کە خوێن بگریم
بۆ ئەو ئاسمانەی
هیچ باڵدارێ
بەرەو تەنیایی چڕ و چەمەڕای
باڵ ناوەشێنێ
لە شەقژنی باڵەکانیاندا

خەونی کەوەیی و
لە ناو پەڕ و پۆیشیاندا
هێلانەیەک بۆ هەڵفڕین نابینێ!
بۆ ئەو ڕێگایەی
هیچ ڕێبوارێ
لە توولە خەوی گران ڕایناپەڕێنێ
نەرمە نارەی هیچ گۆرانی و ئاوازێ
گوێی گیانی خەواڵووی نالاوێنێ
شیاوەکە خوێن بگریم
بۆ مێژوو
کە کراسی تەسکی بەری
جێ شەرمی شوورەییەکانی ناپۆشێنێ!
بۆ ئەو مرۆڤەی
کە ئیتر هیچ
کە ئیتر چ بڵێم
کە من و تۆیش ...
ئەرێ،
شیاوە کە خوێن بگریم
ئەرێ،
شیاوە کە خوێن بگرین!

# بارە بەر

بارە بەرێکم،
- پشت چەماوە -
تاکوو ئێستا
لە ژێر قورس‌ترین
ئازارەکانی ئەم جیهانەدا
کۆڵم نەداوە!
تاقەتم هێناوە.
بەڵام نازانم
بۆ دەبێ وابێ؟
نە هیچ ئازارێ هەڵمدەگرێ و
نە پێکەنین،
حەزدەکا لەگەڵما بێ!

# گورگە با

بڵێن،
بڵێن بەو گورگە بایە:
هێندە نەلوورێنێ
بەو پەنجەی تاریک و تیژی
چیدی
پێستی تورتی هەتاو نەڕووشێنێ
خوێنی بەرخی هەژار
خەونی خۆشی ژیانە
لەشێلەگەی ئاوا نەیشێوێنێ
دەستێک هەیە
لە سەرووی هەموو دەستەکانەوە
کە رۆژێ،
تۆڵەی لێ بستێنێ!

بۆ مامۆستا حەسەن زیرەك

# تاجی سەر

ئێستا،
لە تەنیایی شەوی ژینا،
هەنگاوی کوێرانە نانێت و
دەستی مەرگ،
لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە،
دەریهێناوە!
ئێستا،

بێکەسی. بەدبەختی و چارەرەشی
«تاجی سەر» یان داناوە و
تۆزکاڵێک لە خۆشی
دراوە بەشی!
شا،
لە ناو نوێنی گڵانووستووە و
ئەویش ...
لای ئێمەی،
بە هەگبەیەک گۆرانی و ئاوازەوە
بەجێ هێشتووە!
ئێستا،
وەسفی دەنگ و ئاهەنگی
نە لە کاغەزی گوڵبەرگا و
نە بە قەڵەمی عەنبەر بۆ
نووسراوە
بەڵام فەلەک،
ساڵەهایە ،
رەونەقی بازاڕی مانگ و رۆژی شکاوە!

# دیدار

ئەمشەو هاتووم
بۆ سازێ دەگەڕێم
بێنێتە سەما
کۆتری هەڵکوڕماوی گیانم!
دەگەڕێم بۆ پردێ
بمباتەوە
بەرەو
سەرەتای ژیانم!
ئەمشەو هاتووم
بە دوای ئاشیانەیەکدا
کە تێیدا بسرەوون
هەستە بێ ئارامەکانم!
ئەرێ،
ئەمشەو هاتووم
بۆ سازی سووری سەرلێوەکانت،
بۆ گەیشتن بە پردی دەستەکانت،
ئەرێ، ئەمشەو هاتووم
بۆ دیداری دووبارەی چاوەکانت!

# شێعر

ئەگەر،
تێنەگەیشتن لە شێعرێکم
هەرچی خەڵکی،
گوند و شارە
هەرچی کرێکار و
جووتیارە!
ئەو شێعرە دەرکەن
لەم سیپارە،
بیسوتێنن
بۆم بدەن
لە سێدارە!

# بێچارە

بێچارە تاکەی!
لە سەر شۆستەی ئەم ژیانە
لە جێی دارتێلەکان
پێدەچەقێنی!
ئەم تەرمە
تا کەی؟
-بە سەردەستەوە-
لەگەڵ خۆت ئەگێڕی!

بێچارە!
دەوری دارتێلەکان
روون و دیارە
ئەرکی تۆ
وە ئەستۆ گرتنی
دەور و رۆڵێکی ترە!
قابیلی ژینی خۆت،
تەنیا تۆی!
- ئەگەر شک نابەی بستێ خاک -
دەس لەم هابیل کووژیە هەڵگرە!
سەرت هەڵگرەوە
تا نەبۆتە گۆ
تۆ، چارەرەش نی، نا!
تەنیا و تەنیا،
چارەی خۆت لێ ون و بزرە!

بۆ مامۆستا قالەمەڕە

# غەریب ژەنی شار

هەموو غوربەتی شارەکەی
هەڵدەگرت بە شمشاڵەکەی
شمشاڵ ژەنی پیر
بەڵام شار
غەریبی ئەوی هەست پێنەدەکرد!

لەم گژەبایەدا
زووزوو هەڵدەدرانەوە
بەرگەکانی تەمەنی
ساڵ و مانگ و رۆژ
تێپەر دەبوو
بەلەز
دڵۆپ دڵۆپ
دەتوانەوە
هەستی نەسرەوتی غەریب ژەنی!
پاییز بوو
پاییزێکی غەمبار ...
چیدی پێی هەڵ نەدەگیرا
چیدی بۆی نەدەژنرا
شمشاڵەکەی،
غوربەتی شارەکەی
شمشاڵ ژەنی پیر!
غەریب ژەنی شار!

# بەڵگەیەک بۆ یەکسانی

دە کەم زامەکەم بکولێنەوە
ئەی ئارامی گیان
دە کەم دڵەکەم بتوێنەوە
هۆ هیوای ژیان
دە کەم بە نیگای
بەرز و بێ وێنەی چاوانت
جیهانی بچووک و تەنگەبەری
هەژاریم
وەبیر بێنەوە

بە بزەکانت
دەتخوا
هێندە مەژمێرە فرمێسکەکانم
دەکەم پێم بڵێ،
بە ڕەوت،
بە روخسار،
بە رەنگ،
بە بەرگ،
بە وشە،
بە ئاهەنگی دەنگ!
«کە تۆ نیتە، هەژاری
بۆ کۆمەڵ، سەرباری»
خۆ من دەزانم
تەرازووی ژیان
بێ من و بێ هەژارەکان
لاسەنگە
خۆ من دەزانم
لە قامووسەکەی ئێوەدا
ئەوەی راڤە دەکرێ
هەر رەنگە
بە بزەکانت
دەتخوا
هێندە مەژمێرە فرمێسکەکانم

دە کەم زامەکەم بکولێنەوە
ئەی ئارامی گیان
دە کەم دڵەکەم بتوێنەوە
هۆ هیوای ژیان
دە ساتێ بۆم بڕوانە
گوێت شل کە بۆم
دە گیانە
تۆش باش بیزانە:
« مردن
باشترین بەڵگەیە
بۆ یەکسانی!
ئەوە یەک رازە
بە ئەستاندنی روحی من و تۆ
باری جیهان تەرازە! »

# بیکەوە ئەم پەنجەرەیە

گیانە!
بمبینەوە و
بۆ جوتێ کۆتری باڵ خوێناوی
لە سەر بەرزە داری باڵات
گەرمە هێلانەیەک
چێ کە!
بۆ دوو ئاوارە،
دوو سەرگەردان،
رەشماڵی گەورەی چاوەکانت،
هەڵدە!
تەنیا و تینوون،
تێراویان کە

لە کانیاوی نیگات!
لە فڕە کەوتوون
لە پێدەشتی ژیان،
دەسوورێنەوە
بێ هۆ
ئاوارە و وەیلان!
گیانە!
درێژن
دەستەکانی چاوەڕوانیم
بەرەو ئاسۆی
چاوەکانت
ئەمشەو هاتووم
هاتووم و
تەق تەق ...
ئاڵقەی سەر دەرگای ماڵەکەتم تەقاندووە
هاتووم و
هەر دوو شووشەی ئەم پەنجەرەیەم
لە خەو هەستاندووە!
سوان ئەم دەستانە و
تاسا ئەم حەنجەرەیە،
گەلێ تینووم، گەلێ ماندووم
دەرگا پێوەمەدە و
بیکەوە ئەم پەنجەرەیە!

# پەستی

چەندە مەردانە،
شانت
وەبەر ئەم شاخە بەرزانە
دابوو،
وا لە کەناری گیانتەوە
هەڵچووبوون و
ئەنگوستی ئاماژەیان
بۆ چاوی هەتاو،
رادەداشت!
ئای دەشتی بێچارە!
چەندە سووک وچرووک بووی

سەد مخابن بۆ تۆ،
پەڵەی پیسی،
چ پەستیەک،
داوێنی گرتووی!
تۆ نەتدەزانی
درۆزنە رەشەبا،
دوابەخێریتی پێ تاوانە و
سەر بەرزی تۆی پێ ناخۆشە!
ئێستا،
هەر خۆت بخۆرەوە و
رەهۆڵان بخەرە لەشت.
رووی روانینی ئاسمانت نەبێ و
بە گەرد و تۆز،
هەردەم و روو داپۆشە!
دەک کەنەفت بێ!
ئای دەشتی بێچارە!
چەندە سووک و چرووک بووی
سەد مخابن بۆ تۆ!
پەڵەی پیسی چ پەستیەک،
داوێنی گرتووی!
تۆ کە
بۆ باری بە قەرا
قورسایی ئاسمان و

- بگرە پتریش -
ئەگەر هەر بە تاکی تەنیا
شانت داخستبا
نەدەکەوتیە گلەیی و بناشت
ئێستا،لەسەر دڵ
چەندە گرانە بۆ تۆ
دەردی ئەم کارە:
کە هات رەشەبا
ـ بە لۆژە لۆژ ـ و
تەرمی پاکی
هەزاران گەڵای
ـ بە قسەی خۆی ـ
ناشت
لە گۆشەیەکی دڵتاو
رۆیشت!
چەندە سووک و چرووک بووی
ئای دەشتی بێچارە!
سەد مخابن بۆ تۆ!
پەڵەی پیسی،
چ پەستیەک،
داوێنی گرتووی

# غوربەت

(1)

نا ... نا ... !
ئەم ریژنە بارانەش تەڕم ناکا!
سارد و تاریکە
ئەمشەویش.
تاک و تەرا،
منیش،
هەر دەبێ راکشێم،
لە ناو تابووتی غوربەتەکەمدا!

(2)

دوێنێ،
لە هەژاریا غەریب بووم و
ئەمڕۆ،
لە بێکەسی و تەنیاییدا،
بڵێی سبەینێ،
لە کامە غوربەتا بگیرسێمەوە؟!

# ئەزمون

به هەزار داخەوه ...
تاکوو ئینسانێ پێدەگا
ژیانی چەندها گوڵی پاک
به لاوی کۆتایی پێدێ و
دەبڕێتەوه
به هەزاران هەزار داخیشەوه ...
هیچ لاوێ
پیری تێگەیشتوو نییه و
هیچ پیرێ،
بەرەو لاوەتی،
ناگەڕێتەوه!

# فەرامۆشی

نیوەشەو،
بە دوو دەستی لە مارئاڵاو
شاگەشکەی بوو
که مار نەیگەست
بەیانی،
بە دوو دەستی روو بە ئاسمان
ئەو هاوارەی بوو
که چ بکا لە چڵکی دوو دەست؟
سبەینێ
ئەوەی لە بیری مابوو
تەنیا،
شاگەشکەی نیوەشەو بوو
که چۆنی کردبوو مەست!

77/5/30

# پێغەمبەری نەزان

پێت وایە
پێغەمبەری وشە سەرگەردانەکانی؟!
نا ... نا،
تۆ بێ خەبەری،
نازانی،
کە پاشکۆ و پێڕەوی شێعرە شێتەکانی!

# جیاوازی

مامۆستا!
رەنگە پێت سەیر بێ،
رۆژێ پێنج جار،
سەرت بۆ لای خاک ئەچێ!
رەنگە نەشت بیستبێ،
کەسانێ هەن
گشت کات و ساتێ،
دڵیان بۆ لای خوا ئەچێ!

# نەزان کاری

مەرگ،
ئەگەر دەیزانی،
ژیان ئاوا خۆش و بە تینە
هەرگیز
رووحی کەسی نەدەڕفاند!
ژیانیش،
ئەگەر دەیزانی،
مەرگ ئاکامی ژینە
هەمیشە
هەموو کەسی بە کام دەگەیاند!

77/6/15

# مانەوە

حەز و تاسەکان دەڵێن:
پاپۆڕەوانی ژیان،
دەگەڕێ،
بۆ شوێنێکی ئارام و ئەبەدی ونیان
تا بۆ هەتاهەتا ،
لەنگەر بگرێ
تێیدا!
!

77/6/2

# تەقەللا

... دیسان لە سەرڕاوە!
نەمتوانی ئەمجارەش
دەس لە سەر ئەژنۆ
رادەبمەوە.
ئارەقی سەر تەوێڵم دەسڕم
جانتاکەم هەڵدەگرمەوە
دیسانەوە ڕێگا دەگرمە بەر ...
هەتاو،
زەق چاوانی تێ بڕیوم
لێوم وشکە
تراوکە دەبینێ چاوم
ئەژنۆم دەشکێتەوە
چیدی بۆم هەڵنایەتەوە
هەنگاوم
هێزم نەماوە...

نەمتوانی ئەمجارەش
دیسان لە سەرڕاوە!

# هەڵپەرکێی مەرگ

تێکەڵم بە
لەم هەڵپەرکێی مەرگەدا،
چاوی تامەزرۆ و
مەراقی دڵی ئەم گۆڕە نابینی؟!
ئەمشەو ئەڕۆم
سەرم ناوەتە ناو جانتاکەی سەر پشتم و
بو شوێنێکی ئەبەدی ئەڕۆم
بۆ شوێنێ کە لەوێ،
هەناسە،
رەنگی خۆ هەڵکێشانی نەبێ و

ژیان،
خۆی تێدا نەگنخێنێ!
دەڕۆمە شوێنێ کە لەوێ،
رەشەبا،
نەتوانێ بە گەڵای گیانم
کایە بکا!
نەتوانێ لەناو دەنگ و
هەناسەی منا
هێلانە بۆ خۆی چێبکا!
وەرە!
دەستم بگرە و
تێکەڵمبە لەم هەڵپەرکێی مەرگەدا
چاوی تامەزرۆ و
مەراقی دڵی ئەم گۆڕە نابینی؟!
غەمی منت نەبێ!
وەرە!
دەستم بگرە و
تەمی سەر دڵم بەربادە!
مەترسە!
کەس نامان بینێ.
هەتا قژە درێژ و کاڵەکەت
بەرزە قاقا رەنگاڵەکەت
ئەوەندەی تر،

سەرشێت کەن رەشەبا
وەرە و
وەرمەکانی تێک بئالۆسکێنە
لێچکەکەت نا!
تەمی سەر دڵم بەر بادە
تێکەڵم بە
لەم هەڵپەڕکێی مەرگەدا
خۆ هەڵخەوە
قاقا بکێشە و
پێ بکوتە لە تەک منا
مەترسە!
کەس نامان بینێ.
با ئەوەندەی تر،
سەرشێت کەین رەشەبا
ـ بۆ هەڵفریوانی خۆم و
خۆشت بێ ـ
ئەرێ!
با بڕوا بەوە نەهێنین
کە مردن توانیوێتی
دەستی ئەوینمان کەلەپچە بکا
کە ئەتوانێ رەشەبا
بۆ هەر شوێنێ
کە حەزی لێ بێ،

لەگەڵ خۆی رامان کێشێت و
بمانبا!
- بۆ هەڵخەڵەتانی خۆم و
خۆشت بێ -
ئەرێ!
با بڕوا بەوە نەهێنین
کە چاوی هیوامان بەسراوە و
دەستی داهاتوومان بڕاوە
وەرە!
دەستم بگرە و
تێکەڵم بە
لەم هەڵپەرکێی مەرگەدا
چاوی تامەزرۆ و
مەراقی دڵی ئەم گۆڕە نابینی؟!
ئەمشەو ئەڕۆم
سەرم ناوەتە ناو جانتاکەی
سەر پشتم و
بۆ شوێنێکی ئەبەدی ئەڕۆم!
ئەم ئێوارە
بە هەر دوو گوێی گیانم بیستم،
- رەشەبا،
کە بە درێژایی تەمەنی،
ژینی ئێمەی،

لە پێشە خۆی رادەدا! ـ
ئەم رازەی
بە سرتە
بۆ زەوی ئەدرکاند:
کەوا ساڵەهایە
ژیان و ئەوینم، پێکەوە
لە کەلاوەیەکی دوورە دەست
زیندە بە چاڵ کردووە!
وەرە!
دەستم بگرە و
تێکەڵم بەلەم هەڵپەرکێی مەرگەدا
چاوی تامەزرۆ و
مەراقی دڵی ئەم گۆڕە نابینی؟!

# ژیان

(1)

ژیانم کۆکەیتەوە،
لاوێچێک فرمێسکە،
کە ئەویش،
لەبەر پێتی دەرێژم
لە رۆژی هاتنەوەتدا!

(2)

لە کۆتایی هەموو رۆژێکا،
جارێک دەمرم
تا سبەینێ،
لە داوێنی خۆر هەڵاتێکا،
لە دایک بم!

# بۆ سەرمایەدارێک

بێ رەنگ و بێن،
سیس ببوو!
ئەو گوڵەی،
دوێنێ،
لە باغچەکەی تۆ دا دیتم.
تەپ و توزی دۆلاری لە سەر نیشتبوو،
حەساری سەرمایەکەت،
دەوری گرتبوو.
ئەو گوڵەی،
ئەمڕۆ،
لە باغچەکەی تۆ دا دیتم
لە ژێر سێبەری گەورەی،
خانووچکە بچووکەکەتدا مردبوو!

# غەمانی هەوار نشین

ئێوە
هەر ساتێ دەبێ
لە ناو دڵێکا بن و
هەرتاوێ دەبێ
بۆ ماڵێک بچن و
هەر دەمەی دەبێ
سەرلە وڵاتێ بدەن
ئەوەم لە بیر نەمابوو،
ئەی غەمانی هەوارنشین!

# نیشانی پرسیار

ئەویش،
رۆژێک،
باڵای رەپ و راست بوو.
هەر وەک ئێمە، هەموومان!
لە هەواڵ و
پەیام و
چرپە
ئەوەندیان،
چرپاندبەگوێدا
تا دوایین جار
تەواو بە خوی دا شکاوە و
لەو ساوە
بوو بە نیشانی پرسیار!

# لفە دوانە

من و تاوان،
لفە دوانەین.
گەرچی هەرگیز
بە گیان و دڵ
یەکترمان خۆش نەویستووە
بەڵام قەت
یەکترمان لە بیر نەکردووە!

# دیوار

ئێوە، هەموو وان،
لە سەر دیوارە ساردەکان
وێنەی باغچە و
گوڵ و
پەپوولە دەکێشنەوە
باغچەکانیشتان،
بە گوڵ و
پەپوولەکانییەوە دەکووژن!

# شەوێکی هەژارانە

ئاخ کە
چەن قووڵ و بێ بنە
ئاخ کە
چەن تاریک و بێ رۆچنە
ئەم شەوە هەژارانەیە
کە تێیدا
هەناسە و هەنسک و هیوا
ونە!

# سەرەتا

ئازیز!
جیهان بە گشتی،
لە تۆڕا
دەست پێدەکا
تەنیا
جیهانی بچووکی منە
لە تۆدا دەتوێتەوە و
بە دوایی دەگا!

# گرێ کوێرە

ژیانم،
گرێ کوێرە نە دراوە،
نا!
خۆم،
گرێ کوێرەم و
لەسەر ژین،
بارگە و بنەم داناوە!

# فریای رووح

سینەم دادڕن،
دڵم لە ناو ئەم رکەیە دەربێرن و
بە دەس تەنیا ئازیزەکەمی بسپێرن
هەتا ورد ورد بی ئەنجنێ
ـ کە ئاواتی گەورەی هەر ئەمە بوو ـ
ئەزانم،
ئەو بە دەستی رەشەبای ئەسپێرێ
بەڵام بە رەشەبا بێژن:
هەر لەتێکی بۆ شوێنێ بنێرێ
لەتێکی بۆ کانی بکا بە دیاری
هەتا وەگەردی خیزە وردەکانی
بکەوێتە چاوە بڕکێ
دەگەڵ کچانی شۆخی ئاوایی
ـ کە نەکرا جارێ،بە ئێجگاری
تێر لە تامی حەزیان بزانێ ـ

بە رەشەبا بێژن،
کانی راسپێرێ:
ئەگەر حەزی لێ بوو
با بە یادگار
بیدا لە قژ یان بەرۆکی کیژێکی نازدار
تا تێر بۆنی پرچ و بەرۆکی وان هەڵمژێ و
بە رۆژگاران و بە شەوگاران،
سکاڵای دڵداری و
دەردە دڵی ئەوینی خۆی
بۆیان هەڵڕێژێ!
بە رەشە با بێژن:
با لەتێکیشی بە دیاری
بدا بە کوڕە شوانێ
ئەو ئازارەکانم بژەنێ و
پەنجە لە سەر جێ زامەکانم دانێ
هەتا کێوەکان دەنگ بدەنەوە و
چیرۆکی ناکامی ئەم ئەوینە
بۆ هەموو دونیا بگێڕنەوە
ـ کە نەبوو کەسێ، ساتێ
وە فریای رووحم بێ و
گوێ لە هاواری دڵم بگرێ ـ
بە رەشەبا بێژن،
کوڕە شوان راسپێرێ:

ئەگە ر حەزی لێ بوو
با تێکەڵ بە سوورە گڵ
بیکاتە دەفروئامان
بە یادگار
بیدا بە ئەویندارێکی دڵتەنگ و غەمبار
تا لە شەوێکی تاریک و نووتەکا
هاودەمی تەنیایی ئەو بێ و
گوێ بۆ راز و نهێنی دڵی رادێرێ!
سینەم دادڕن
دڵم لە ناو ئەم رکەیە دەربێرن و
بەدەس تەنیا ئازیزەکەمی بسپێرن
هەتا ورد ورد بی ئەنجنێ
ـ کە ئاواتی گەورەی هەر ئەمە بوو ـ
ئەزانم ئەو،
بە دەستی رەشەبای ئەسپێرێ
بەڵام
بە رەشەبا بێژن:
تا بە دەشت و دەرەی
نیشتمانەکەمدا بیوەشێنێ،
یان بۆ هەتا هەتا
لە ناو کەلێن و پەستێوی مێژوودا
وەیشێرێ!

# دیدار

تاسە،
دەستم دەگرێت و
دەمهێنێ بۆ لای تۆ،
پۆلێک پەپوولەش بە دوامانەوە!
منی تاسەبار ئەگەڕێمەوە،
تاوێرێکیشم بە سەر شانەوە!

# ترس

رەنگ بوو بسڵەمێیەوە
هەر بۆیە نەم وێرا
زۆرت لێ نزیک بم
دەترسام
سرکتر بی
لەو ئاسکەی
لە ناو مژو دۆمان
رادەکا بۆ هەر لایەک
وازم هێنا
تەنیا بە خزانی
چەند ساتێکی نێو گەنجی باڵات و
بە دزینی
چەند سەرنجێکی نیگات!

گەڵێک هەستی کارمامزئاساشم
رەوی
پەپوولەی چەندین پەیڤ و قسەم
هەڵوەری
لە سەر لێوم
هێدی ... هێدی
تامی ماچێکیشت مەیی!

# پێوەندی

لێوی خاک دەبزوێ،
گوڵ دەپشکوێ.
گوڵ دەپشکوێ،
باغ پێدەکەنێ.
باغ پێدەکەنێ،
بەهار دێ.

بەهار، نیگاری گەش دێنێ.
نیگای گەش شاعیر دەخولقێنێ.

شاعیر،
شێعر دەنووسێ.
ژن،
شێعر دەخوێنێتەوە،
لێوی خاک دەبزوێ!

# پێکەنین

ئەوە لە تەنیاییدا
منیش دەگریم
هەر تۆ نیت
کە بە تاکی تەنیا
پێدەکەنی!

# گەیشتن

بە دوای ئەوینی ئەستێرەیەکدا
شەو دەکێڵم،
شەبەق دەچێنم
من ڕێبواری ساتەکانی ژینم
لە ڕووناکترین ئاسمانا،
لە پاکترین بەرە بەیانا،
تۆ دەبینم
تۆ دەبینم!

# دڵتەنگی

هەندێ دڵتەنگی هەیە
پێی گەورە دەبی
هەندێکیتر،
پەستت دەکەن
بەڵام کە دڵتەنگی تۆ دەبم
نە هەست بە پەستی دەکەم
نە پێم وایە
گەورە دەبم
تەنیا،
خۆم لێ ون دەبێ
لە نێوان
داهاتوویەکی نەهات و
ئێستایەکی داوەستاودا!